2021/3/6

نیاز مەحموود عەبدولقادر

# خراپ ژیام و باش فێرنەبووم ڕوون بدوێم!

(أ)

**درەنگانی شەوە، کاتژمێر نازانم چەندە، ئاگام نە لە خۆمە نە لە کات و نە لە دەورووبەر، مەستم، خوێندنەوەی کتێب تەواو گێژ و وڕی کردووم، وەك بڵێی لەگەڵ خوێندنەوەی هەر پەڕەیەکدا کۆڵێك تلیاك و حەشیشەم کێشابێ. کتێب بۆ من ئاوایە، تلیاکە، حەشیشەیە، هەموو جۆرە مادەیەکی هۆشبەرە. ئەو مادانەی کە دوای کێشان و بەکارهێنانیان بونیام ئاگای لە خۆی و دەورووبەر و تەنانەت لە خوداش نامێنێ. بەڵێ ئەمەیە ئەو جیهانەی کە کتێب بە منی بەخشیوە، جیاواز لەو دنیایەی کە گوایە بەهەشتێکە و کتێب بە خوێنەرانی دەبەخشێ.**

**لەوانەشە وابێ، بۆنا، ڕەنگە ئەم خووە بەدە تەنها لای من هەبێ و بەس. لەڕاستیدا زۆر ڕقم لەم خووە نەگریسەی خۆمە و ئەگەر بڵێم تەواوی هەوڵەکانم بۆ ڕزگاربوون لێی بەگەڕخستووە، درۆ نیە، دکتۆری دەروونی نەماوە هۆکاری ئەم دەردەم لێ نەپرسی بێ، دەی ئاخر زۆرجار لاموایە ئەم دەردەم دەروونییە و بە وتەی دەورووبەرەکەشم من شتێتێکی سەرگەردان و ئاقیبەت شەڕم. مەبەستیان لەو ئاقیبەت شەڕییە ئەوەیە، کە من ئافرەتم و چیم داوە لە کتێب و خوێندنەوە و شتی قۆڕ، ئاخر لای ئەوان کتێب شتی قۆڕە، زۆرجار ئەڵێن (ئەوانەی زۆر دەچنە قوڵایی ناخی کتێبەوە، یاخی و لە دین دەرچوون)، جا منیش بەو پێیەی کە کەسێکی تەنگە جیقڵدانم و لە بەرانبەر ئەو قسانەی کە عەقڵ قبووڵیان ناکات زوو بەدەنگ دێم، بۆیە هەر زوو ئەم لە ڕێ دەرچوون و یاخی بوونەم بەسەرا ساغ بوویەوە، هەر بۆیە بە قەولی کۆمەڵگا من ئاقیبەت شەڕم.**

ئەزانی وەڵامی زۆربەی دکتۆرەکان چییە؟ زۆربەیان ئەڵێن (هیچ نیە بەرێزم، جگە لە باری قورسی ژیان هیچی کە نیە)، بەڵێ ئاوا دەفەرموون! باشە دەی خۆی هەر ئەو بارە قورسەی ژیانە، کە حەوسەڵەی مرۆ ناهێڵێ و تووشی هەزار دەردی دەروونی و جەستەیی دەکات و دەغەزاری دەکات. چما وانیە؟

دوای هەموو ئەم هەوڵانە دیسان هەمان شتم بەیاد دێتەوە، ئەوەی کە ئەگەر ئەم دەردەم بەزوویی چار نەکەم، گەر دەستی ئەم مۆتەکەیە لە گەرووم نەکەمەوە، ئەوا شەوێك، نا، ڕۆژێك بە بەرچاوی دۆست و نەیارەکانمەوە  بە هەموو هێزی خۆی دەستی توند توند لە بینم گیر دەکات و دەمخنکێنێ.

-باشە ئەو شتە عەنتیکەی کە باسی دەکەی چۆن چۆنیە؟ مەبەستم ئەو خووە خراپەیە، کە خۆت وتەنی دوور نیە سەرت بخوات.

+لە ڕاستیدا ئەم خووەی من شتێکی قۆڕە، بەلام بوەستە با سەرەتا شتێکت پێ بڵێم، لەم گفتوگۆیەدا بەڵێنی ئەوەت پێ نادەم، کە بتوانم بەڕوونی بدوێم، واتا ڕەنگە قسەکانم ڕوون نەبن بەهۆی ئەو بارودۆخە دەروونییە ئاڵۆزەی کە تێیدام، بۆیە دەبێ بمبووری لە ناڕوونی قسەکانم.

-گوێم بۆ گرتووی.

+دەی باشە، وەکو وتم، ئەم خووە شتێکی قۆڕە لەناو مندا، بارێکی قورسە و دوای خوێندنەوەی هەر کتێبێك دێتە ناو سەرمەوە و پاشان بۆ ڕۆح و دەروونم شۆڕ دەبێتەوە. سەرم لەوەی هەیە قورستر دەبێ، زۆرجار دەچمە بەر ئاوێنە و لەخۆم دەڕوانم، تەماشا دەکەم تۆپەڵی تۆپەڵ خڕی گەورە لە سەرمەوە هەڵتۆقیون، کە جگە لەخۆم کەسی تر هەستیان پێ ناکا و نایان بینن. خێرا دەچم بەردێکی گەورە ئەهێنم و ئەمەوێ پیایان کێشم و ڕزگارم بێ لێیان، بەلام زۆرجار بە دەنگی دایکم بەخۆم دێمەوە، کە دەڵێ (ئەوە خەریکی چی؟ کچەکە شێتەوی کەم سەیری خۆت بکە)، ئای دایکە، خەریکە خۆزگە بەو بێ ئاگایی و نەزانێت ئەخوازم، دەی بۆنا، خۆزگەم پێت دایکە! خۆزگەم بە ژیانە سادە و دوور لە ئاڵۆزییەکەت..!

-ئەزانی شتێك هەیە من سەری لێ دەرناکەم، باشە تۆ بڵێی هەموو ئەوانەی کتێب دەخوێننەوە، هەمان حاڵی تۆیان هەبێ؟ نا بڕوا ناکەم، دەی من خۆم هەموو ژیانم لەناو کتێبدا بووە، بەلاّم نیو هێندەی تۆ حاڵم شڕ نەبووە. ئەرێ ناکرێ وەك بەشەر بخوێنیتەوە؟ بۆ هیچ کارێکت لە کاری ئادەمی ناچێ تۆ؟ لەوەتەی تۆم ناسیوە ئەمە حاڵتە، ئەمە چیە ئەی هاوار، ئەرێ بێزار نەبووی؟

+بڕوابکە وەك بەشەر دەخوێنمەوە، بۆ چما حەزناکەم لەم حاڵەم نەجاتم بێ؟ ڕێگا نەماوە تاقیم نەکردبێتەوە بۆ ڕزگاربوون، بەلاّم بێ سوودە، هەر ئەوەم، کە ئەمبینی. پرسیاری بەردەوامی سەرم ئەوەیە، بۆچی دنیای خوێندنەوە لای من دۆزەخ و لای زۆربەی کەس بەهەشتە؟ واقم وڕ دەمێنێ، کە باسی جیهانی بەهەشت ئاسای کتێب دەکەن و لەخۆم دەپرسم، ئەرێ ئەمە چی؟ باشە ئەو جیهانەی باسی دەکەن لەکوێیە؟ بۆچی لای من نادیارە و ون بووە؟ ئەرێ یەکێ پێم بڵێ، من بۆچی کە دەخوێنمەوە ڕۆحم ئازار ئەچێژێ، دڵم دەگری و دەروونم ئاڵۆز و سەرم قورس دەبێ؟ کوا لەکوێیە ئەو بەهەشتەی باسی دەکەن؟ لەبەرخۆمەوە دەڵێم، ئەی قوڕ بەسەرت و تف لە بەختت، نەدەبوو هەڵدانەوەی هەر پەڕەیەك لە کتێبەکەی بەردەستت، کردنەوەی دەرگایەك لە دەرگاکانی بەهەشت بووایە و لەگەڵ خۆیاندا نەسیمی بۆنخۆشی بەهەشتیان تێکەڵ بە هەناسەت بکردایە؟ یان نا، باشە من چیم دابوو لە کتێب و متێب و خوێندنەوە؟ نەدەبوو وەك هاوڕێکانم چوار کەلیمەی قۆڕی ئامادەکراو دەرخ بکەم و تەواو؟ دوای ئەم هەموو خۆکوشتن و بڕینەت، هێمان ژیانی ئەوان سەد قاتی ژیانی تۆ خۆشە. چارم چیە من؟ تۆ بیڵێ، چارەیەك شك دەبەی؟

-چی بڵێم، ڕاستەوێ گەر کاتژمێرێکی دیکە گوێت بۆ بگرم، منیش هاودەردی خۆت ئەکەی، بەلاّم لامواییە هەتوانی ئەم زامە تەنهاوتەنها نووسینە. بنووسە، بنووسە و بهێڵە وشەکانی ناو سەرت بڕژێنە سەر پەڕەکان و ئازادبن. سەیرکە بڕوابکە گەر ئەمە نەکەی و ڕێگا بە وەدەرکەوتن و ئازادبوونی وشەکان نەدەی، پڕی مێشکت خاڵی نەکەیتەوە ئەوا دووری مەبینە لە ماوەیەکی نزیکدا بۆگەنیوی مۆخی سەرت ڕۆژەڕێیەك بڕوات. گەر بەم شێوەیە بەردەوام بیت، ئەوا کۆتاییەکی سەخت و لێڵ لەوپەڕی ژیانەوە باوەشی بۆ کردوویتەتەوە، گەر بەرگەی ئەم سەختییە نەگری ئەوا دڵنیابە خۆکوشتن تاکە هەڵبژاردەی بەردەمت دەبێت...

+ماوەیەك بەر لە ئێستا کاتێك، کە نوقمی نێو ئەم خەیاڵ و بیرکردنەوانەی ئێستا بووم، کەسێك هاتە لام و گوتی (مرۆڤ گەر کێشەی لەگەڵ خۆیا نەبێ، ناتوانێ بنووسێ)، تەماشایەکیم کردوو گوتم، باشە گەر بونیام کێشەی دنیای لەگەڵ خۆیا هەبێ و نەتوانێ بنووسێ، ئەی ئەمەیان چۆنە؟ گوتی (ئەوە کەڵەکە دەبێ، کەڵەکە دەبێ تا ڕۆژێ دێ، ئیتر خوێنی نووسین بەلووزەوێ دێتە دەرێ.)، وتەکانی هێند جوان بوون وەك بڵێی پەیامهێنی خوایە و پەیامێکی ئیلاهیم ئاراستە دەکات. ئێستاش و ئەوساش نەمزانی، فریشتە، پەیامهێن، کام نێردراوی ئیلاهی بوو ئەو؟ دەزانی وتەکانی ئەو لە وتەی هەزار زانا و فەیلەسوف و  نازانم چی بۆ من گرنگتر و جێگای بایەخترە، ئەو بەردەوام لە جیهانێکی دیکەوە، دوور لەم پۆخڵەواتەی ئێرە پەیامەکانی خۆیم ئاراستە دەکات و منیش بە خۆشەویستییەوە وەك پێغەمبەرێك گوێی بۆ دەگرم، تەنها ئەو کاتانە هەست بە ئاڵۆزی و بێزاری ناکەم، کە گوێم لە وتە زێڕ ئاساکانی ئەوە، وەك چۆن فریشتەکان گوێ بۆ فەرمانەکانی خودا دەگرن، ئاوا گوێ بۆ ئەو دەگرم من، ئەو بەس خودام نیە. لەو ساتەوە تاوەکو ئەمڕۆ چاوەڕوانی هاتنی ئەو ڕۆژەم، کە بتوانم دەست بدەمە نووسین و هەزار و نۆسەد و هەشتا و شەش ساڵ و شەش مانگ و دە ڕۆژ، بەردەوام بم و دەست لە نووسین هەڵنەگرم، تا بتوانم وێنە شێواوەکانی مێشکم بەیانکەم و گەر ماوەیەکی کورتیش بێت لێیان ڕزگاربم.

-کەواتە ناتوانی بنووسی؟ یانی ئەویشت تاقی کردۆتەوە؟!

+نا، دەی گەر توانای نووسینم هەبووایە، ئێستا یەکێك بووم لە نووسەرە ناودارەکان. دەزانی هەر ئەم ماوەیە بیرۆکەی نووسینی (37) چیرۆکم لا گەڵاڵە بوو، بەڵام نەمتوانی بیان نووسم، وەك بڵێی لەو کاتەدا مێشکم لە چالاکی وەستابێ. بیرۆکەی نووسینی چیرۆکێکیان ئەوکاتە بوو، کە ئاڵای وڵاتەکەمم لەژێر پێی دوژمناندا بینی، ئەم ئازارە هێندە سەخت بوو، سەد هێندەی سووتانی هەموو لەشم بەئازار بوو، ناوم لەم ئازارە نا (دڵم لەژێر پێی دوژمناندا)، ویستم بینووسمەوە، بەڵام نەمتوانی. ئا بەم شێوەیە دەیان ناونیشانی بێناز کەوتووم هەیە و شەو نیە بە دڵتەنگییەوە لێیان نەڕوانم و ئاه هەڵنەکێشم (مەلای ئەلیکترۆنی و ڕادیۆکەی دایکم، ڕق لە خودا، خود و خودا لە گفتوگۆیەکی بێ کۆتادا...) ئەمانە و زۆر ناونیشانی دیکەم هەن، کە بە دڵتەنگییەوە لێم دەڕوانن و  لەبری ئەوان من فرمێسکێکی لێڵ دەڕێژم.

(2)

دووباره درەنگانی شەو، دووباره تەنهایی و بێداری، دووباره مەستی و بێ هۆشی. قسەکردن سودی نیە، چوون دەزانم کەس لێم ناگا، نە دکتۆر و نە پرۆفیسۆر و تەنانەت نە خوداش، ناتوانن ئەم دەردەی من چار بکەن. تازە ئەم مۆتەکەیە تا ڕۆژێکم لە ژیان مابێ و تا کۆتایی تەمەن دەستی توند لە گەرووما دایە، شەوێك هەر دێت، بە مەستی و بەدەم خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ژیانیان لێکردم بە ئازارێکی هەمیشەیی، ڕۆحم دەکێشێ و هەناسەم لێ دەبڕێ. هەرزوو هەواڵی مردنم شاشەی تیڤییە درۆزنەکان و پەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە بێ ساحێب و بێ خوێنەرەکان داگیردەکات، دەنووسن (ئەمشەو کچێك بەهۆی کێشەی دەروونییەوە خۆی کوشت)، بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکی و لەپاڵ ئەمەدا دەنووسن (لەبەرئەوەی بە مردوویش کتێبەکەی لە باوەشدا بووە، ناوی لێ نراوە، مردووی کتێبپەرست) . ئەوان مردنەکەم بە خۆکوژی ناوزەند دەکەن، بێ ئاگان لەوەی هەر لە تەمەنی (13) ساڵییەوە لەپشت جەستەی شەکەتمەوە مۆتەکەیەك خۆی بۆ ڕۆحکێشانم مەڵاس داوە، وا لەکۆتاییدا بە مەرامی خۆی گەشت و بۆ ئەبەد هەناسەی بڕیم و بێبەشی کردم لەو ژیانەی کە دەبوو تیایدا باش بژیایەم و چۆڕێك دڵخۆشبم، بەڵام نەکرا، ئەمویست لەم ژیانە کولەمەرگییەدا گەرچی کەمێکیش بێت، بەڵام هەست بە چێژ و ئازادی بکەم، ڕەنگە ئەوکات بمتوانیایە گێڕەرەوەیەکی ڕوونبێژی ئەم بەسەرهاتەی ئێستا بم، کە لە ناخی زەوییەوە و وا بە مردوویی خەریکم بۆتان دەنووسم. سەرم ئاخناو لە وشە و قوڕگم پڕ بوو لە قسە، بەڵام ئەفسووس هەزار ئەفسووس، کە(خراپ ژیام و باش فێر نەبووم ڕوون بدوێم.)*

* (پۆل ئێلوار).